عەبدوڵڵا سەمەدی

## لە دۆژەی پەشیمانیدا

**هاوڕێی دڵپاکم!**

ئەم پایزەشم لیٚداهات. چ بە لەز داڵوێ زەمان!

تۆ! نەونەمامێکی نازدار و لە بەردڵان بووی. دڵێکی پڕ لە ئەوینت بوو، و باوەشێك گوڵی هیوات لە ئامێز گرتبوو. هەرچەند لە خێزانێکی هەژارانەدا دەژیای، بەڵام شازادەی خەونەکانی شەوانت و خەیاڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی دوا ڕۆژت بووی.

لە شەقام، لە کۆڵان، لە ڕێی خوێندنگە چاوم بە بەژن و باڵات دەکەوت. فریشتەیەك بووی! چ بە ناز دەڕۆیشتی؟! چ بە عیشوە دەجووڵای؟! کارمامزێ بووی، ڕەوەزاو ڕەوەز، بنارە و بنار دەگەڕای. لە پێدەشتا، بە سەر حەریری چیمەنا، بە ئاهەنگی سەما هەنگاوت دەنا. لە سەر کانی وچانت دەگرت و بەرامبەر ئاوێنەی ئاوا لە جوانیی خۆت ڕادەمای و تێر نەدەبووی.

گورگی زەمان، لە قەڵشەبەردێکی دوورەوە لێتی دەڕوانی. بزەیەکی پڕ لە مانای لەسەر لێو بوو. گۆشە چاوی تێبڕیبووی. کەمتیاری پیریی لە کونایەك خزیبوو، چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتی.

بەڵام دەنگی گۆرانی تۆ بوو کە لەو بنارەدا دەزرینگایەوە و دەنگدانەوەی ئەشکەوت لێی دەستاندییەوە و بۆی دەگێڕایەوە. گزینگ، وردە ئاڵتوونی نووری شاواز دەکردی و زەردە، تانجێکی زێڕینی بە دەوری قژەکانتەوە دەڕواند.

چ لە ناکاو بوو هەستانە سەرپێی گورگی زەمان! و چ کوتوپڕ بوو هاتنە دەری کەمتیاری پیر!! و من چ تاوانبار و بێبەزە بووم کە لە کەمەندی هەوەس و ئارەزووی دڵم هاویشتی!! لە چوارچێوەی ژیانێکا بەندم کردی، هەر تۆزقاڵێکی بۆتۆ بوو، ئەوی دیکە تەرخانی سەدان درۆزن و ساختەچی بوو کە نەغدینەی تەمەنم دا لە پێناو.

ژیانی خۆ و جوانیی تۆم بۆ داگیرساند، وەك مۆم، دڵۆپ دڵۆپ تواندمەوە و کردمە دووکەڵ.

ئێستا، من و تۆین و گورگ و چەقەڵ!

نە دەسەڵاتی گێڕانەوەی چەرخی زەمان، نە هێز و توانای دەستکردنەوەی کەمتیاری دڕ!

لە تاریکیی ئەم شەوەدا، تۆ نائومێد، من پەشیمان! چاوەڕوانی کۆتاییەکی پڕ لە ژان. هەناسە سارد، دەستەئەژنۆ، چاو بە گریان!!

لێم ببوورە! لێم ببوورە!

چ گەمژەڵ و ساویلکە بووم! چ نەفام و خۆش باوەڕ بووم!

بڕوام وابوو؛ ئەوینێك هەیە لە هی تۆ گەورەتر!

ئامانجێك هەیە لە تەمەن خۆشەویستتر!

ئاکامێك هەیە لە دەستپێکردن گەورەتر!

چ نەفام و ساویلکە بووم! لێم ببوورە!

من تاوانبار، تۆ مەحکوومی!!.. لێم ببوورە!

هاوسەرت: عەبدوڵڵا

خۆشەویستانم! میوەی ژیانم!

سالار! تەوار!

لێم ببوورن!!

من پێم وابوو ئامانجێك هەیە لەو دوورە!

گوڵێك هەیە لەو سنوورە

زۆر لە ئێوە خۆشەویستتر!

لێم ببوورن!! لێم ببوورن!!

باوکتان: عەبدوڵڵا